وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکلتی پەروەردە وڕامیاری
سکوڵی پەروەردەی چەمچەماڵ
بەشی پەروەردە ودەروونناسی

بابەت : دەروونزانی تاقیکاری
قۆناغ : سێیەم
خولی یەکەم
ماوەی وەڵامدانەوە : 3 کاتژمێر

تێبینی / تەنها وەڵامی چوار پرسیار بدەرەوە بە مەرجێك پرسیاری پێنجەم لەنێو پرسیارە وەڵامدراوەکاندابێت ، کە هەر پرسیارێکیان ﴿15﴾ نمرەیە

پ1/ توێژەرێك سێ گریمانەی تاقیکردەوە . ولە باشاندا ئەم بڕیارانەی لەلای خوارەوەی دا سەبارەت بە قبوڵکردنیان یاخود ڕەتکردنەوەیان ، ئایە بڕیارەکانی درووستە ؟ وئەگەر درووست نییە جۆری هەڵەکەی دیاری بکە .

1. گریمانەی سفری قبووڵکردووە . هەر چەندە گۆڕاووی سەربەخۆ کاریگەری هەبووە .
2. گریمانەی سفری قبووڵکردووە . هەر چەندە گۆڕاووی سەربەخۆ کاریگەری نەبووە .
3. گریمانەی سفری ڕەتکردۆتەوە . هەر چەندە گۆڕاووی سەربەخۆ کاریگەری نەبووە .

پ2/ دڵەڕاوکێی تاقیکردنوە وکاریگەری لەسەر نمرەی دەرچوون لە لای خوێندکارانی زانکۆ . ئەمە ناونیشانی توێژینەوەیکە چۆن ئەم خاڵانەی لە لای خوارەوەی بۆ داڕێژیت ؟

1. پێناسەی کرداری تاقیکاری .
2. پێناسەی کرداری پێوانەیی .
3. گریمانەی لەبری .
4. گریمانەی لەبری ئاراستەکراوو .
5. گریمانەی سفری .

پ3/ أ – پێداچونەوەی ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشوتر ، یەکێکە لە هەنگاو ە گرنگەکانی ئە نجامدانی توێژینەوە ، ئایە ئەم هەنگاوە چ سوودێك بە توێژەران دەبەخشێت ؟ بیانژمێرە .

پ3/ ب – بۆ چی دووبارەکردنەوە بە مەرجێکی گرنگ وسەرەکی دادەنرێت لە ڕێبازی تاقیکاری دا ؟

لا پەڕەکە هەڵاودیوو بکەرەوە

پ4/ ئەم بۆشاییانەی لەلای خوارەوە بە وشەی گونجاوو پڕبکەرەوە .

① بوونی گۆڕاووی هاتووە ناوە دەبێە هۆی _____ وکەمبوونەوەی _____.

② توێژەران بۆ ئەوەی ڕێگە بە گۆڕاووی هاتووە ناوە نەدەن دەتوانین بە یەکێك لە ئەم شێوازانە کۆنترۆڵی بکەن :

_____و_____و_____.

③ نموونەی هەڕەمەکی چیندار لەحاڵەتی کۆمەڵگا _____ دا بەکاردەهێنرێت ، وسێ جۆر ی هەیە : جۆری هەڵبژاردنی _____ وهەڵبژاردنی _____ هەڵبژاردنی _____ .

④ تاقیکردنەوە بە تێبینی _____ دەستپێدەکات .

پ5/ جۆری وانە وتنەوە وکاریگە ری لەسەر دەستکەوتەی خوێندن لە لای خوێندکاران ی قۆناغی ئامادەیی . ئەمە ن اونیشانی یەکێك لە توێژینەوەیك ە کە سێ شێوازی وانە وتنەوەی (پرسیار و وەڵام ، موحازەرە ، گفتوگۆکردن) تێدا تاقیکراوەتەوە وبە ئەمشێوەیەی لەلای خوارەوە ئە نجامدراوە :

1. سێ گرووپی تاقیکردنەوەی تێدا بەکارهێنراوە کە وەك پێوویست هەڵبژێردراوە .
2. گروپی کۆنترۆڵکراووی تێدا بەکارنەهێنراوە .
3. وهەر گروپێك بە هەر سێ شێوازە کە وانەی پێ وتراوەتەوە .
4. هەر ڕێگەیێکی وانە وتنەوە لە لایەن مامۆستایێکەوە وتراوەتەوە .
5. ماوەی ساڵێکی خوێندنی خایەندووە .
6. هەر ڕێگەیێکی وانە وتنەوە دوو تێستی جیاوازی بۆ ئامادە کراوە (پێشی و دوایی) واتە تێستەکان هاوشێوەنیین .
7. هەر شێوازێکی وانە وتنەوە لە هۆلێکی جیاوازدا ئە نجامد راوە .

ئایە ؟ ؟ ؟

① دووستی ناوەکی تێدا هەیە ؟ وئەگەر تێیدا نییە چ وار هەڕەشە بۆ سەر درووستی ناوەکی ناووبنێ .

② وئایە بەکار نەهێنانی گرووپ ی کۆنترۆڵکراوو بۆ ئەم جۆر ە تاقیکردنەوانە کارێکی درووستە؟

﴿ هیوای سەرکەوتنتان بۆ هەخوازم ﴾

وەلید بابان